## چاوپێکەوتنی ڕۆژنامەی جەماوەر لەگەڵ ئاسۆ کمال

### ئاسۆ کەمال: **دەوڵەتی سەربەخۆ بە تەنیا ڕێگاچارەی کێشەی کورد دەزانین**

**دیمانە: خێلاّن بەختیار– سلێمانی**

**ئاسۆ کەمال لە دایك بووی ساڵی 1965 ی شاری سلێمانی ئەندامی دەستەی دامەزرێنەری حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری کوردستانە و دانیشتووی سلێمانییە**

### * هۆکاری جیابوونەوەتان لە حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق چییە؟

– ڕاستیەکەی ئەمە جیابوونەوە نییە لە حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق، بەڵکو ئەمە پێکهێنانی حیزبێکی نوێیە، بە ناوی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری کوردستان، کە لە باری سیاسیی و فیکرییەوە هەمان ڕێبازی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراقی هەیە، تایبەتمەندی ئەم حیزبە ئەوەیە، کە تایبەتە بە کوردستان بەو پێیەی کوردستان جیاوازە لە بارەی سیاسیی و کۆمەلاّیەتی لە عێراق، بۆیە ئێمە پێکهێنانی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری کوردستانمان بە زەرور زانی.

### * بەرنامە و ستراتیژیەتتان بۆ پرسی کورد چییە؟

– ئێمە خوازیاری ئەوەین لە کوردستاندا ریفراندۆمێك بکرێت، ڕێگەچارەی کێشەی کورد لە عێراقدا بریتیە لە جیابوونەوە لە عێراق و پێکهێنانی دەوڵەتێکی سەربەخۆ ئەمەش بە تەنها ڕێگەچارە دەزانین، تەجروبەی ئۆتۆنۆمی و فیدراڵی هەمووی نیشانی داوە، کە هیچ ئایندەیەکی بۆ کوردستان پێ نییە، بە تایبەت لە دوای ڕووخانی بەعسەوە بە ڕوونی دەرکەوتووە کە فیدرالیزم بە بنبەست گەیشتووە, پێمان وایە تاکە چارە لە کوردستادا جیابوونەوە و پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆیە، بە حەرەکەتێکی فراوانی دەزانین کە ئێستا کوردستان پێویستی پێیە، چەپ لێرەدا بزوتنەوەیەکە بەرامبەر بە ناسیۆنالیزم و ئیسلامی سیاسیی ئەتوانێ ئایندەیەکی باشتر بۆ کوردستان دیاری بکات، چەپ لە کوردستاندا مێژوویەکی بەهێزی هەیە، ناڕەزایەتی خەڵك بەرانبەر بە دەسەلاّت، مەیلی بە لای چەپدا زیاترە لەوەی بەلای ئیسلامی سیاسیدا، دەمانەوێ دین لە دەوڵەت و دین لە پەروەردە جیا بکرێتەوە و کۆمەڵێ پرۆژەی تر، سیفەتێکی تایبەتی حیزبی کرێکاری کۆمۆنیستی کوردستان, ئەوەیە ڕەخنەیەکی جدیمان لە پراکتیك و شێوەکانی پێشووی حیزبی کۆمۆنیست هەیە لە کوردستاندا، تەجروبەی ئێمە ئەوەیە دەبێ کۆمۆنیست حیزبێکی جەماوەری سازبدا نەك تەنها حیزبێکی ئایدۆلۆژی وەك ئەوانەی کۆمۆنیست یا کاپیتاڵیان خوێندۆتەوە, بێنە ناو حیزبەوە، بگرە ئاڵوگۆڕێکی جدی لە حیزبی کۆمۆنیستی دا دەبێ لە پراکتیك و چونە ناو خەڵك و وەلاّمدانەوەی کێشەکانی خەڵك و ڕابەری

کردنیان، ئێمە لە هەوڵی ئەوەداین کەوا بتوانین ئەم کۆمەڵگایە لەم وەزعیەتە رزگار بکەین کە ئێستا هەیە، پێشمان وایە دەتوانین کاریگەریمان هەبێت لە داهاتوودا.

*** لە ساڵانی 94 و 95 رێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عیراق بە هەمان شێوە لەگەڵ سەربەخۆیی و بە دەوڵەتبوونی کوردستاندا بوو، ئایا ئەم فکرە هەمان دووبارە کردنەوە نییە، یا ئێوە تەواوکەری ئەو فکرەیەن؟**

– ئەو فکرەیە لە ساڵی 95 لەلایەن (مەنسور حیکمەت)ەوە هاتە ئاراوە باسی لە رێگەچارەی کوردستان کرد، کە لەو وەزعە سەرگەردانییەی کە تێیدابوو نە بەشێك بوو لە عێراق نە جیاببوەوە لە عێراق، ئەوەش کە هەڕەشەی بەعسیشی لەسەر بوو، ئێستاش هەمان بیرۆکەیە، کە کوردستانی عێراق پێویستە دەوڵەتێکی سەربەخۆی تێدا دابمەزرێ، ئەو دیفاکتۆی ئێستا هەیە ئێستا ناتوانێ جواب بداتەوە، بەڵام لە رووی تەتبیقی و پراکتیکەوە چۆن ئەم بیرۆکەیە پیادە دەکەین ئێستا پێمان وایە ببێتە بزوتنەوەیەکی جەماوەری، من بۆ خۆم لە ساڵی 1999 وە تاکو 2005 کەمپینێکی نێونەتەوەیی بە ناوی کەمپینی ریفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستانم لە دەرەوە بەرێخستبوو، کە دیارە ئەم کەمپینە کاری زۆری کردووە بۆ راکێشانی پشتیوانی ئەحزابی جۆراوجۆری ئەوروپایی و هەتا کەسایەتی جیهانی (چۆمسکی) ئێمە پێویستیمان بە پشتیوانی دەرەوەیە، پێویستە بزوتنەوەیەکی جەماوەری بۆ بەرپاکردنی ریفراندۆمێك یۆ سەربەخۆیی کوردستان لە کوردستاندا دابمەزرێنین، تا بتوانێ ئەم ئامانجی سەربەخۆیی بەدی بێنێ، جیاوازییەکە لێرەدایە لەچاو ساڵانی پێشودا، ئێمە دەمانەوێ ئەو خواستەی خەڵك هەیەتی بچێتە مەیدانی پیادەکردنەوە، لە بەرامبەر بەدیلی فیدراڵی کە یەکێتیی و پارتی دەیانەوێ کەچی ئەتوانم بڵێم 99٪ی خەڵکی کوردستان دەنگیان بە سەربەخۆیی داوە، خوازیاری جیابوونەوە بوون، بۆیە پێویست دەکات هەم حەرەکەتی ریفراندۆم و هەم بزوتنەوەی جەماوەری لە ئاستێکدا رێکبخەین، کە فیعلەن ئەم بەدیلە و کوردستان بەرەو ئاقاری سەربەخۆیی بەرێ.

*** باست لە بزووتنەوەی جەماوەری کرد، لەناو واقعی کۆمەڵگای کوردیدا، کە کۆمەڵگایەکی موسوڵمانە، کۆمۆنیستیەت تا چەند دەتوانێ خەڵك لە دەوری خۆی کۆبکاتەوە؟**

– پێموایە گەر پێناسەی کۆمەڵگای کوردی بکەین ئەتوانم بڵێم کۆمەڵگایەکی مەدەنییە، راستە بیر و بۆچون و دیانەت و ئەحزابی جۆراوجۆری تێدایە، ئەمە بەواتای ئەوە نییە، کە کوردستان بەس خەڵکانی ئیسلامی تێدا بێت، یا کۆمۆنیستی یا عەلمانی، کۆمەڵگایەکی مەدەنییە، کە ئەفکار و بیروبۆچونی دینی و سیاسی بگرە کۆمەڵایەتی هەموشێوازێکی تێدایە، خاڵی هاوبەش کە کۆی دەکاتەوە ئەوەیە کە ئەم کۆمەڵگایە خوازیاری ئەوەیە، کە دەسەڵاتێکی مەدەنی و ژیانێکی مەدەنی

هەبێت پێویستیەکانی دابین بکرێت، پێم وایە ویستی ئەم کۆمەڵگایە ئەوەیە کە دەسەڵاتێکی عەلمانی هەبێت و دین لە دەوڵەت جیابکاتەوە، لە خوێندن و پەروەردەش جیای بکاتەوە، ئەو ناڕەزایەتییەی کە هەیە بەرامبەر داب و نەریتی دواکەوتوانە و شەریعەتی ئیسلام کە رۆژانە ئەمانە دەبینین، گەر سەیری ئەو حەرەکەتانە بکەیت لە سلێمانی کۆنفرانسی (دۆعا)مان هەبوو لەوە دەردەکەوێ، کە خەڵك و رێکخراوە مەدەنیەکان خوازیاری ئەوەن، کە یەکسانی ژن و پیاو هەبێت و خوازیاری ئەوەن کە دەسەڵاتی دینێك بەسەر ژیانی مەدەنی و بەسەر یاسا مەدەنییەکان نەمێنیٚ، خوازیاری ئەوەن دین لە دەسەڵاتەوە جیا بکرێتەوە بە مانایەکی گشتی، خوازیاری ئەوەن کە کۆمەڵگایەکی عەلمانی بیٚ و مافی هەموو ئینسانەکانی تێدا هەبێت، ئەمە تەعبیر لەوە دەکات کە ئەم کۆمەڵگایە کۆمەڵگایەکی مەدەنیە و خوازیاری مەدەنیەتە لە کوردستان، بەرنامەی کۆمۆنیستی ئەوەیە کە فعلەن بتوانێت ئەم دەسەڵاتە مەدەنییە لەم قۆناغەدا کە پلاتفۆڕمی سیاسیی ئێمە ئەوەیە، کە بتوانیٚ دەسەڵاتێکی مەدەنی دابمەزرێنیٚ، شانزە ساڵ دەسەڵاتی یەکێتیی و پارتی نیشانی داوە، کە نەیان توانیوە دەسەڵاتێکی مەدەنی لە کوردستان دابمەزرێنن، ئەویش بە حوکمی ئەوەی دەسەڵاتێکی میلیشیای و دەسەڵاتێکی دوو حیزبی و هەموو بودجە و داهاتی ئەم وڵاتە لە نێوان ئەم دوو حیزبەدا بەش دەکریٚ و بڕیاری لەسەر دەدریٚ، هیچ گەڕانەوەیەك بۆ مەدەنیەت و کۆمەڵگا نییە، لایەنێکی تریش ئۆپۆزسیۆنە ئەویش ئیسلامی سیاسیە ئەمانە نەك هەر دژی کۆمەڵگەی مەدەنی و خواستەکانی خەڵکی مەدەنین، بەڵکو خوازیاری دامەزراندن و سەپاندنی دەوڵەتێکی ئیسلامین لەو چەشنەی لە ئەفغانستان و ئێران و شوێنەکانی تر هەیە، لەم بەینەدا کە حەرەکەیەکی سیاسیی بمێنێتەوە ئەویش چەپە، کە بتوانیٚ ببیٚ بە بەدیل و وەزعی کوردستان لەم دەسەڵاتە نامەدەنییە بگوێزێتەوە بۆ دەسەڵاتێکی مەدەنی و سکۆلار و عەلمانی، ئەوە پلاتفۆرمی سیاسیمانە، پێمان وایە ئەو بەرنامەیە خواستی زۆربەی خەڵکی کوردستانە، بۆیە زەمینەی کۆمۆنیست و چەپبوون لە کوردستاندا زۆرە.

*** بەڵام حیزبە گەورەکان پێیان وایە لە ئێستادا هەلومەرج بۆ راگەیاندنی دەوڵەت لەبار نییە, ئێوە چ شتێکی تازەتان پێیە، لە کاتێکدا وڵاتانی دەوروبەر دژی بوونی دەوڵەتی کوردین؟**

– ئێمە گەر واقعیەتی سیاسیی ئەمڕۆی عێراق بخوێنینەوە دەزانین کە فرسەتی بوون بە دەوڵەتی کوردستان کراوەتەوە، لەبەر ئەوەی دەوڵەتێکی مەرکەزی نەماوە وەکو پێشوو سەرکوتکەر بێت کە ئەوە خەتەری سەرەکی بوو، خودی ئەمریکا و سیاسەتەکانیش لە عێراقدا بۆ دابەشبوونی عێراق دەڕوات ئەمانە هەمووی فرسەتی بۆ کورد دروستکردووە، تا بتوانن دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان رابگەیەنن، وەڵێ ئەمەش بێڕێگری نییە و کێشە و خەتەریاتی لەپێشە، بەڵام تاکە رێگە

لە بەردەم خەڵکی کوردستان و بۆ ئەوەی تووشی ئەو فەزاحەیەی عێراق نەبێت، کە ئێستا لە عێراقدا بەرپایە، ئەوەیە دەوڵەتێکی سەربەخۆ دابمەزرێ، دەوڵەتانی چواردەور گەر سەیری تورکیا بکەین بەڵێ خەتەرێکی جدییە لەسەر کوردستان، تورکیاش دوو لایەنەیە لایەنی یەکەم ئەوەیە کەوا کێشەی ناوخۆی هەیە، گەر نیازی هێرشکردنی سەربازی هەبێت بۆسەر کوردستان ئەوا بە ئاسانی بۆی تەواو نابێت کێشەی کورد لە ناوخۆی خۆیدا زەقتر دەکاتەوە، لەلایەکی تریشەوە تورکیا خوازیاری ئەوەیە دەرگای یەکێتیی ئەوروپای لێبکرێتەوە گەر بیەوێ فشار بێنێتە سەر کوردستانی عێراق و بیەوێ سەربەخۆیی پێشێل بکات، ئەو دەرگایە تەواو لە خۆی دەبەستێ، تورکیا هێشتا لە کێشەی قوبرس نەجاتی نەبووە، دەتوانم بڵێم مەحدودێك لەبەردەم تورکیادا هەیە، بە نیسبەت ئێرانیش، ئێران مەسەلەکەی ئەوەیە دەیەوێ تەوازنێك لە گەڵ ئەمریکا راگرێ و تەعامل بکات، ئێران خوازیاری ئەوەیە کەوا لە ناوەراستی عێراقدا شکست بە ئەمریکا بێنێت، بەم پێیە کوردستان زۆر لە مەسەلەی سەربەخۆبوون بوون بە دەوڵەت لەم چوارچێوەدا هەڵسوکەوت دەکات، هیچ رێگە چارەیەك بۆ کورد جگە لە سەربەخۆیی چیدی نیە دوای شانزە ساڵ تەجروبە و مانەوە لەم سەرگەردانیا و چاوەڕوانی سیاسەتی ئەمریکا کە بە شوێنێك بگات، کە نەگەیشتووە و ئەمریکا خەریکی پاشەکشەی خۆیەتی، ئێستا باشترین رێگە و عاقڵانەترین رێگە ئەوەیە کە ئەم کارە بکرێت، ئەمەش پشتی بەوە بەستووە، بەرامبەر بە هەردوو حیزبی حاکمیش فشارێك بهێنرێت بۆ ئەوەی سەربەخۆیی کوردستان بکەنە واقع، بیکەنە بەدیلی فیدراڵیەت.

*** ئێوە ئامادەن لەگەڵ ناسیۆنالیزمی کوردیدا لە بەرەیەکدا کۆببنەوە، چونکە لە هەمان کاتدا خەڵکێکی نەتەوەیی هەن و داوای دەوڵەتی کوردستان دەکەن؟**

– ئەو شیعارەی ئێمە بەرزمان کردۆتەوە بۆ مەسەلەی دەوڵەتی کوردستان، رێگە چارەیەك یا ستراتیژیەتێك بۆ ئەوەی وەزعیەتی کوردی پێ وەڵام بدەینەوە, ئەتوانێ خواستی هەموو لایەك بێت، کە فعلەن مەسەلەی چارەنووسی کوردی پێیە و نایەوێ بکەوێتە نێو بازنەی شەڕی عێراقەوە و پێشمەرگە بنێری بۆ جنوب، یا بۆ نمونە نایەوێ هەڕەشەی بەردەوامی تورکیاو ئێرانی لە سەر بێت دەیەوێ دەوڵەتێکی رەسمی و شەرعی بێت، بتوانێ دیفاع لە مافەکانی خۆی بکات، لێرەدا ئەو هێزوو لایەنانەی کە خوازیاری ئەم پلاتفۆڕمەن، کە پلاتفۆڕمی سەربەخۆیی کوردستانە، ئەتوانن بێن کاربکەن، کەسێك ناسیۆنالیستە یا کۆمۆنیستە یا عەلمانییە گرنگ ئەوەیە لەگەڵ سەربەخۆیی کوردستاندا بێت. بەڵام من بەدووری دەزانم هەردوو حیزبی دەسەڵاتدار یەکێتیی و پارتی ئەم پلات فۆڕمەیان قبوڵبێت لە ئێستادا, چونکە ئەوان بەدیلی فیدراڵیان بۆ خۆیان داناوە و لەسەری کار دەکەن، رێگریش لەبەردەم مەسەلەی سەربەخۆییدا دروست دەکەن.

*** داواکردنی دەوڵەت کاڵبونەوەیەك، یاخود گۆڕانێك نییە لە فکرەی کۆمۆنستیەتدا؟**

– راستە وەك بیروبۆچون ئەم مرۆڤانەی کە لەسەر ئەم ئەرزەدا دەژین هیچ شتێك جیایان ناکاتەوە، جیاوازی نییە تا سنوور جیابکەیتەوە جگە لە زمان، وەك لایەنی ئینسانی ئەوەیە کە دەبێت سنوری دەستکرد نەمێنیٚ، بەلاٚم ئەمە ئایدیایەکە لەگەلٚ ئەرزی واقعدا کە تۆ مەشاکلت هەبێت، ئەبیٚ وەلاٚمێکی واقعیت هەبیٚ، مەسەلەی کۆمۆنیزم ئەوەیە نیازی خەڵك وەلاٚم دەداتەوە پێویستیەکانی ئەوکاتەت وەلاٚم دەداتەوە کە تێیدا دەژیت، ئێستا کوردستان پێویستی بە دەوڵەتێکی سەربەخۆیە، کە چوارچێوەیەیکی هەبێت، تا بتوانیٚ ژیانی ئابووری و کۆمەلاٚیەتی و ...هتد رێك بخات لەم پاشاگەردانی و سەرگەردانیەدا دەربچێت، ناسنامەیەکی دیاریکراوی خۆی هەبێت حەق و حقوقێکی خۆیی هەبێت مافی ئینسانەکان دیار بکرێت، هەموو ئەو شتانە هەبێت کە کۆمەڵگای مەدەنی پێویستیەتی، فعلەن دەسەلاٚتێکی مەدەنی و سکۆلاری هەبێت لە کوردستاندا, ئەو دەوڵەتەی ئێمە خوازیارین لە کوردستاندا, هەموو خواستی خەڵك دێنێتەدی کۆمەڵیٚ نیاز و پرسی تر کە کۆمۆنیزم دەبیٚ وەلاٚمی بداتەوە، گەر بتەویٚ هەرشتێك بکەی سەرەتا پێویستە دەوڵەتت هەبێت، بەم وەزعە سەرگەردانییەوە شانزە ساڵە تا ئێستا ئایندەیەك ئاسۆیەکمان نییە، بۆ نمونە کۆچی گەنجان ئێستا زیاتر دەبێت چونکە ئەو گەنجە نازانیٚ سبەینیٚ چی دەبیٚ دەسەلاٚت چی لێدیٚ چۆن ئاڵوگۆڕ دەبیٚ مافەکانی چۆن سەلمێندراوە یا پاسپۆرتەکەی لەکوێیە، یا چوارچێوەکەی چۆنە، ئەوەش واقیعەتە کەوا چۆن سنور جیاکراوەتەوە تۆش پێویستت بەسنورێکی جیاهەیە، ئەم داوایەی کۆمۆنیستیش نیازی ئێستا وەلاٚم دەداتەوە تا نەبین بە دەوڵەت، ناتوانین هیچ ئاڵوگۆڕێکی ئابوری و سیاسیی ....هتدی تێدا بکەین هەردوو حیزبی چەکدار دەمێننەوە و لە شوێنێگەوە بودجەیەکیان بۆ دیاری دەکریٚ و ئەمانیش دابەشی دەکەن، بەشی شێر بۆ خۆیان و هیچیشی بۆ خەڵك، ئەوەش ئەو وەزعەیە کە شانزە ساڵە دەیبینین، تەنها چارەسەر کۆمۆنیزمە کە دەتوانیٚ کێشەی خەڵك چارەسەرکات.